# بەکارهێنانی سیواک لەڕۆژی ڕەمەزان و قوتدانی لیکەکەی

< كوردي >

شێخ موحەمەد کوڕی صالح ئەلمونەجید

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس:وەرگێران

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# استعمال السواك للصائم وبلع الريق بعده

< كردي >

الشيخ محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# بەکارهێنانی سیواک لەڕۆژی ڕەمەزان و قوتدانی لیکەکەی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** ئایا حوکمی بەکارهێنانی سیواك لە ڕۆژی ڕەمەزاندا چیە، وە ئایا دروستە دواتر ئەو ئاو لیکەی لەدەمتدا دەمێنێتەوە قوتی بدەیت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەکار هێنانی سیواك سوننەتە لە هەموو کاتێکدا، لە کاتی بە ڕۆژوو بوون و غەیری بەڕۆژوو بونیش، لە سەرەتای ڕۆژەوە بێت، یان لە کۆتاییەکەیەوە بیت، بەڵگەش بۆ ئەمە : -

**1-** روى البخاري (887) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : {لَوْلا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي أَوْ عَلَى النَّاسِ لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ صَلاةٍ} .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ئەگەر بهاتایە لەسەر ئومەتەکەم یان لەسەر خەڵکی قورس وگران نەبوایە، ئەوا فەرمانم پێدەکردن کە لەگەڵ هەموو نوێژێکدا سیواکیان بەکار بهێنایە .

2- روى النسائي عن عائشة رضي الله عنها أن النبي صلى الله عليه وسلم قال : { السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ } . صححه الألباني في صحيح النسائي.

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : سیواك پاککەرەوەیە بۆ دەم، ومایەی ڕەزامەندی خوای گەورە وپەروەردگاریشە .

ئەو فەرموودانەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر سوننەت بوونی بەکارهێنانی سیواك لەهەموو کاتێکدا، وپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )ڕۆژوەوانی جودا نەکردوەتەوە، بەڵکو گشتگیری فەرموودە وبەڵگەکان ڕۆژوەوان و غەیری ڕۆژوەوانیش دەگرێتەوە .

سەبارەت بە لیك و تەڕای سیواکیش بەڵێ دروستە ڕۆژوەوان قوتی بدات، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت پارچەیەك لە سیواکەکە وورد بووبێت لەناو دەمدا ولەگەڵ لیکی سیواکەکە تێکەڵاو بووبێت، لەم حاڵەتەدا

دروست نیە قوت بدرێت، بەڵکو دەبیت ئەو پارچە وورد بووەی سیواکەکە فڕی بدرێت، دواتر ئەگەر لیکەکەی قوت دا هیچ گرفتێك نیە، هەروەك چۆن دروستە ڕۆژووەوان لە کاتێکدا دەست نوێژ دەگرێت ئەو ئاوەی کە بەکاری هێناوە لە غەرغەرە کردنی ناو دەمیدا فڕیی بداتە دەرەوە و بیتوفێتەوە، وپاشتر ئەگەر هەر لیك و تەڕاییەکی ناو دەمی قوتدا گرفتی نابێت، چونکە پێویست نیە لەسەری ناو دەمی ووشك بکاتەوە لە ئاوی غەرغەرە .

ئیمامی نەووی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە مەجموع بەرگی (6/ لاپەڕە 327) دەڵێت : " **الْمُتَوَلِّي وَغَيْرُهُ** : إذَا **تَمَضْمَضَ الصَّائِمُ لَزِمَهُ مَجُّ الْمَاءِ , وَلا يَلْزَمُهُ تَنْشِيفُ فَمِهِ بِخِرْقَةٍ وَنَحْوِهَا بِلا خِلافٍ** "واتا : موتەوەلی و غەیری ئەویش دەڵێن : ئەگەر ڕۆژووەوان غەرغەرەی کرد بە ئاو لەناو دەمیدا واجبە پاشتر ئاوەکەی بتفێتەوە، بەڵام لەسەری نیە ناو دەمی بە پەڕۆیەك یان دەستەسڕ وهاوشێوەکانی ووشك بکاتەوە .

ئیمامی بوخاری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : " **بَاب سِوَاكِ الرَّطْبِ وَالْيَابِسِ لِلصَّائِمِ ... قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : { لَوْلا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ وُضُوءٍ } . قال البخاري : وَلَمْ يَخُصَّ الصَّائِمَ مِنْ غَيْرِهِ. وَقَالَتْ عَائِشَةُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ ) . وَقَالَ عَطَاءٌ وَقَتَادَةُ : يَبْتَلِعُ رِيقَهُ.**

واتا : بەشی سیواکی تەڕ و ووشك بۆ ڕۆژووەوان : ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەری خواوە ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : ئەگەر بهاتایە گران وقورس نەبوایە لەسەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پێدەکردن لەکاتی هەموو دەست نوێژ گرتنێکدا سیواکیان بەکار بهێنایە،،،، بوخاری لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت : ڕۆژووەوان جودا نەکراوەتەوە لەغەیری ڕۆژووەوان، عائیشەش ( ڕەزای خوای لێ بیت ) ووتویەتی : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : سیواك پاککەرەوەی دەم و مایەی ڕەزامەندی خوای گەورە وپەروەردگارە .

عەطاء و قەتادە ووتویانە : " دروستە ڕۆژووەوان لیکی سیواك قووت بدات .

ابن حەجەریش لە کتێبی ( فتح الباری ) لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دا ووتویەتی : " **أَشَارَ بِهَذِهِ التَّرْجَمَةِ إِلَى الرَّدِّ عَلَى مَنْ كَرِهَ لِلصَّائِمِ الاسْتِيَاكَ بِالسِّوَاكِ الرَّطْبِ ... وَقَدْ تَقَدَّمَ قِيَاسُ اِبْنِ سِيرِينَ السِّوَاكَ الرَّطْبَ عَلَى الْمَاءِ الَّذِي يُتَمَضْمَضُ بِهِ" . . . وَلَمْ يَخُصَّ صَائِمًا مِنْ غَيْرِه" أَيْ وَلَمْ يَخُصَّ أَيْضًا رَطْبًا مِنْ يَابِسٍ , وَبِهَذَا التَّقْرِيرِ تَظْهَرُ مُنَاسَبَةُ جَمِيعِ مَا أَوْرَدَهُ فِي هَذَا الْبَابِ لِلتَّرْجَمَةِ , وَالْجَامِعُ لِذَلِكَ كُلِّهِ قَوْله فِي حَدِيث أَبِي هُرَيْرَة : ( لأَمَرْتهمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلّ وُضُوءٍ ) , فَإِنَّهُ يَقْتَضِي إِبَاحَتَهُ فِي كُلِّ وَقْتٍ وَعَلَى كُلّ حَالٍ .**

**(وَقَالَ عَطَاء وَقَتَادَةُ يَبْتَلِعُ رِيقَهُ ) مُنَاسَبَتُهُ لِلتَّرْجَمَةِ مِنْ جِهَةٍ أَنَّ أَقْصَى مَا يُخْشَى مِنْ السِّوَاك الرَّطْب أَنْ يَتَحَلَّلَ مِنْهُ فِي الْفَمِ شَيْءٌ وَذَلِكَ الشَّيْءُ كَمَاءِ الْمَضْمَضَةِ فَإِذَا قَذَفَهُ مِنْ فِيهِ لا يَضُرُّهُ بَعْدَ ذَلِكَ أَنْ يَبْتَلِعَ رِيقَهُ** " ئەمە ئاماژەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو

کەسانەی کە بەکارهێنانی سیواکی تەڕ بۆ ڕۆژووەوان بە مەکروە دەزانن، پێشتری باسی ئەو قیاسەمان کرد کە ابن سیرین قیاسی سیواکی تەڕی کردبوە سەر ئەو ئاوەی کە غەرغەرەی پێدەکرێت .

ڕۆژوەوانی جودا نەکردوەتەوە لە غەیری ڕۆژوەوان، واتا : سیواکی تەڕی لە سیواکی ووشك جودا نەکردوەتەوە، بەم جێگیر کردنەش موناسەبەی هەموو ئەو باسەی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەدا هەبوو دەردەکەوێت .. کۆکەرەوەی هەموو ئەم باسەش ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو هوریەیرە ڕیوایەتی کردووە و پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : لەکاتی هەموو دەست نوێژێکدا فەرمانم پێدەکردن بە سیواك کردن،،، ئەمەش دروستی بەکارهێنانی سیواك لەهەموو کات و لەهەموو حاڵەتێکدا دەگەیەنێت،، عەطا وقەتادەش ووتویانە :لیکەکەی قووت دەدا، ئەمەش موناسەبە بوونی ڕاڤە کردنی فەرموودەکە دەگەیەنێت، ئەویش بەوەی ئەوەی لێی بترسیت لە کاتی سیواکی تەڕ بەکارهێناندا ئەوەیە کە پارچەیەك لە سیواکەکە لەناو دەمدا وورد بووبێت، ئەو پارچە وورد بوەیش وەك ئاوی غەرغەرەی کاتی دەست نوێژگرتن وایە، ئەگەر هاتوو ئاوەکەی توفیەوە ئیتر دوای ئەوە هیچ زیانی نیە ئەگەر لیکی دەمیشی قوت بدات .

شێخ ابن عوثەیمین یش ووتوویەتی : " **الصواب أن التسوك للصائم سنة في أول النهار وفي آخره**"واتا : ڕاست وایە کە سیواك کردن بۆ ڕۆژوەوان سوننەتە لەسەرەتای ڕۆژەوە بێت یان لە کۆتاییەکەیەوە بێت .

شێخ محمد بن ناصر السعدیش ووتویەتی : " **والسواك سنّة للصائم في جميع النهار وإن كان رطبا ، وإذا استاك وهو صائم فوجد حرارة أو غيرها من طَعْمِه فبلعه أو أخرجه من فمه وعليه ريق ثم أعاده وبلعه فلا يضره**"واتا : سیواك کردن سوننەت بۆ ڕۆژوەوان لە هەموو ڕۆژگاری ڕەمەزاندا، ئەگەر تەڕیش بێت، وە ئەگەر هاتوو سیواکی کرد و بەڕۆژوو بوو، هەستی بە تیژیەك یان هەر تامێکی تر کردو قوتی دا، یان تفیەوە، پاشان لیکی سیواکەکە لەناو دەمی مایەوە وو قوتیدا، هیچ زیانی بۆ ڕۆژوەکەی نابێت .

بەڵام دەبێت ئەو مادانەی کە لەگەڵ سیواکی سەوزدا تێکەڵاو دەکرێت، لەتامی وەك تامی لیمۆ و نەعنا و هاوشێوەکانی دەبێت لە دەم بکرێتە دەرەوە و بە دەست ئەنقەصد قوت نەدرێت،،،

خوای گەورەش زاناترە ..